# ئاوەزمەندیی مرۆڤی کورد لە دەربڕینە چەسپاوەکاندا
# تێڕوانین بۆ ژن وەك نموونە


پ.ی.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت



بەشی یەکەم: زمان وەك هۆکاریك بۆ تیگەیشتنی ئاوەزمەندیی مرۆڤ
پاری یەکەم: زمانو کەلتوورو تیگەیشتنی ئاوەزمەندیی مرۆڤ
پاردووەم: ئەرکی ئاستەکانی زمان
بەشی دووەم : ئاوەزمەندیی لە دەربڕینە چەسپاوەکاندا
پاری یەکەم: ئاوەزمەندیی مرۆڤ و سروشتی کۆمەڵە جیاوازەکان
پاری دووەم: تێڕۆانینو هەڵوێستی مرۆڤی کورد بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی
پاری سێیەم: تێڕوانینی کۆمەڵی کوردی بۆ ژن


## پێشەکی

### ١/٠) گرنگی بابەتەکە

دەربڕینە چەسپاوەکانی زمان، کۆمەڵێك وتراوی ئامادەن ، ڕۆژانە قسەپێکەران بەکاریاندەهێنن، مەبەستی بەکارهێنانەکانیشیان بۆ قەناعەتپێهێنانی بەرانبەرە، واتە بە دڵنیاییەوە قسەکەر خۆی قەناعەتی بەناوەرۆکی وتراوەکان هەیە. ئەم دەربڕینانە کە کەسی قسەکەر بەپێی ئەزموونو ژیان لە ناو کۆمەڵی خاوەن زماندا فێریان دەبێت، زۆرینەی قسەپێکەری ئەو کۆمەڵو خاوەن زمانە بڕوایان پێیان هەیە، بەو واتاییەی ئەمانە قەناعەتی زۆرینەی کۆمەڵن. ئەگەر قەناعەتی زۆرینەی کۆمەڵبن، ئەوا دەتوانرێت لە ڕێی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنیانەوە بزانرێت، کۆمەڵی خاوەن زمان چۆن بیردەکاتەوە، قەناعەتو بۆچوون تێڕوانینی بۆ ڕووداو و هەڵۆیستو کاروباری ژیان چییە؟



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢/٠) کەرەستەو سنووری لێکۆڵینەوەکە**

ئەو کەرەستەو نموونانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهاتوون، یان لەو سەرچاوانەوە دەرهێنراون کە بۆ کۆکردنەوەی پەند، یان ئیدیەم تەرخانکراون، یان لە زمانی قسەپێکەرانی زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستەوە وەرگیراون. ئەوەی کە زۆر گرنگە هەموو نموونە بەکارهاتووەکان لە ئەمڕۆی زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێنو دەربڕاوی زیندوون.

**٣/٠) گرفتو سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە**

سنوری نێوان ئیدیەم و میتافۆر لەلایەکەوەو سنوری نێوان ئیدیەم و پەند لە لایەکی دیکەوەو تێکەڵکردنیان، لەلای هەندێك لە لێکۆڵەران گرفتی توێژینەوەکە بوو. بۆ سەرچاوەی نموونەکان کەمتر پشت بەو نووسراو کتێبانە بەستراوە، کە خەریکی کۆکردنەوەی دەربڕینەکان بوون، زیاتر لە زمانی قسە پێکەرانەوە وەرگیراون.

**٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی پەسنکەرانەی شیکەرەوەیی بەکارهێنراوە.

**٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە لەدوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم دوو پارە. پاری یەکەمی بەشی یەکەم بۆ زمان وەك ئامرازێك بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا تەرخانکراوە، چۆن لە زمانو ئەدەب (وێژە) وە، ئەدەبی فۆلکلۆرو نووسراووە تاڕادەیەك لە نەتەوەی خاوەن زمانو ئەدەب تێدەگەی؟

پاری دووەم ئەرکی ئاستەکانی زمان ڕووندەکاتەوەو ئەو زانیارییە دەبەخشێت، کە هەر ئاستەو لە ڕاڤەو لێکدانەوەی چی بەرپرسەو؟ خوێندنەوەی ناوەرۆکی ئەم دەربڕینە چەسپاوانە لەچ ئاستێکدایە؟

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە لەسێ پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بۆ خۆیندنەوەی ئاوەزمەندیی بە شێوەیەکی گشتیی تەرخانکراوە، بەڵام لە پاری دووەمدا تێڕوانینی مرۆڤی کورد، دیدو هەڵوێستو بۆچوونی شیکراوەتەوە. هەرچی پاری سێیەمیشە ئاوەزمەندیی مرۆڤی کورد بەرانبەر بە ژن/ مێینە نیشاندەدات. نموونەی هەموو دروستە جیاوازەکان هێنراوەتەوە، هەر لە وشەو وشەی لێکدراو و فرێزو تا دەگاتە پەندو گۆرانیی دوو نیوە دێڕی، ئەوەی پەیوەندی بە دەربڕینەکانیشەوە هەبێت، نموونەی پەندو ئیدیەمو میتافۆرو کۆمەڵەوشەو پێکەوهاتوو خراونەتەبەرچاو. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجامو لیستی سەرچاوەکانو پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی نیشاندراون.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەشی یەکەم: زمان وەك هۆكارێك بۆ تێگەیشتنی ئاوەزمەندیی مرۆڤ**

**پاری یەکەم: زمانو کەلتوورو تێگەیشتنی ئاوەزمەندیی مرۆڤ**

زمانەوانانو لێکۆڵەرەوان ژمارەیەکی بەرچاو پێناسەیان لە سەر زمان خستوەتە ڕوو (محەممەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١: ١١)، چەقی قورسایی پێناسەکان زیاتر جەخت لە ئەرکی لەیەکتر گەیشتن دەکەنەوە، بەو واتایەی هەر زمانێك توانی بڕی کەرەستەی پێویست بخاتە بەردەست بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕاو لەیەکتر گەیشتن، ئەوا بنەماکانی زمانبوونی تێدایە، ناکرێت بگوترێت هەموو زمانەکان وەك یەکن! ڕاستە هەموو زمانە زیندووەکان بنەمای لەیەکتر گەیشتنیان تێدایە، بەڵام زمان هەیە قۆناغی بڕیوەو قسەپێکەرانی زمانەکە، زمانەکەیان کردووەتە زمانێکی هەژمووندارو بە دەسەڵات، کە لە ڕاستیدا ئەمەش پەیوەندی بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئابووری و هەژمووونی سەربازی ...هتد دوە هەیە. زمانیش هەیە بەپێی پێویست نەیتوانیوە قۆناغ ببڕێت و پێشبکەوێت، کە ئەمەش بە هەمان جۆر پەیوەندی بە نەتەوەی خاوەن زمانەوە هەیە، زمانیش تا ئێستا نەك هەر قۆناغی نەبڕیوە، بەڵکو خاوەنی ڕێنوسیش نییە.

تەنها لێکۆڵینەوە لە زمان، زمانەوانانی سەرقاڵنەکردووە، پەیوەندی نێوان زمان و چەمکە مروییەکان (دەروون، بیر، کۆمەڵ،...هتد) بووەتە کاری زۆرێك لە زمانەوانان زۆرێك لە زانستەکانی وەکو (زانستی زمانی دەروونی ، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (کۆ زمانەوانی)، زانستی زمانی کارەکی...هتد) هێناوەتە ناو مەیدانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانەوە.

زمان و بیر یەکێکە لە مەیدانەکانی کارکردن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەدی مەحویی، ٢٠٠٦)، چونکە زمان شتێکی دانەبڕاوە لە (مێشكو بیر)، زمان لەم بوارەدا دەیەوێت ئەو وابەستەییەی نێوان بیرو زمان بخاتەڕوو، مرۆڤ تا بیر نەکاتەوە میشك نەخاتەکار ناتوانێت ئاخاوتن ئەنجام بدات، وەك دیوێکی بەرجەستەی زمان، بەو واتاییەی زمان لەگەڵ (مێشكو بیر)دا دوو دوالیزمەی وابەستەن.

لە سەر پەیوەندی نێوان زمان و بیر ئەو پرسیارە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئایا زمان جڵەوی بیری گرتووە؟ یان بیر جلەوی زمانی گرتووە؟ لێکۆڵەر وای دادەنێت بیر جڵەوی زمانی گرتووەو بە درێژیی لێکۆڵینەوەکەش هەوڵ بۆ سەلماندنی دەدات. ئەگەر زمان جڵەوی بیری بگرتایە ئەوا هەموومان یەك ڕەنگ یەك بۆچوون دەبوین، چونکە زمان هۆکارو ئامرازە، بیرەکان جیاوازن بۆیە دەربڕینەکان جیاوازن. مرۆڤی پێگەیشتووی خاوەن ژیریی تا بیر نەکاتەوە ناتوانێت زمان بەکار بهێت، واتە سەرەتا بیرو دواتر زمان، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی دەربڕاوە زمانییەکان لەوەدایە، کە بە هۆیانەوە جۆری بیرکردنەوەکە دەزانرێت. دەربڕاوی خاوەن زمانە جیاوازەکان جیاوازە، چونکە تێڕوانینیان بۆ ژیان جیاوازە، نەك زمانیان جیاوازە بۆیە تێڕوانینیان جیاوازە.

ئەگەر بمانەوێت لە مێشكو بیرو بۆچوونو پەیبردنو ئاوەزمەندیی کەسەکان بگەین، ئەوا هەر لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت. بێئاوەزو بەئاوەز، گێلو هۆشمەند ، بەسەلیقەو بێسەلیقە ...هتد لەیەکتر جیابکەینەوە.

زمان وەك یەکەیەکی زیندووی دەستی مرۆڤ، بەرپرسە لە ڕاڤەکردنو لێکدانەوەی چەمککەکان لە وشەو زاراوەکانەوە، کە ئەمەش پێکهاتەی سیمانتیك و پراگماتیك ئەنجامی دەدەن. قوڵتر لەم پروسەیە بڕوانین، دەبێت ئەرکی واتا هەڵگواستنی بدەینە پاڵ، ئەم لێکولینەوەیە مەبەستییەتی واتای دەربڕاوە زمانییەکان بە دروستەی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جیاوازیانەوە لەگەڵ ئەو ڕاستی حەقیقەتانەی كە لە دەرەوەی زمانن و خزمەت بە لێكدانەوەی زمان دەكەن، بخاتەڕوو .

فراوانتر قسە بكەین ئەگەر بمانەوێت ئاوەزمەندیی میللەتێك بزانین، دەبێت پەنا بۆ راڤەكردنی دەربڕاوەكانی ببەین، قسەو دەربڕاوەكان ئاوینەی بیركردنەوەی مرۆچەكانن، بەتایبەتی ئەو دەربڕاوانەی كە لە موڵكی تاكە كەس دەرچوون و میللەت خاوەنیانە، وەك ژانرەكانی ئەدەبی فۆلكلۆر (پەند، نوكتە، گۆرانی فۆلكلۆری، داستان، قسەی نەستەق ...هتد)، كە لە پارەكانی ترداو بەمەستی تێگەیشتن لە بیركردنەوەی مرۆڤی كورد بە نموونە دەهێنرێنەوە، لای لێكۆلەرانی بواری ئەدەب، ئەدەب ئاوێنەی ژیانی كۆمەلایەتیو رۆشنبیریو سیاسیو...هتدە، زۆرینەی تێكستە ئەدەبییەكان گوازارشت لە جیهان بینی سەردەمی خۆیان دەكەن، بۆ نموونە دیلان دەلێت (بڕوانە (١)).

١)

ا/ئەی لێو تەنك ئەی پرچ ڕەشە ڕەیحانە

چی تۆی هێنا بۆ سرەوتی ئەم گیانە (ئومێد ئاشنا، ٢٠٠١: ١٤)

ب/من برۆی پەیوەستی ئەو نازدارە شیرو تیرمە

پرچی لوول و زوڵفی ئاڵۆز كۆتەو وزنجیرمە ( عەبدوڵلا عەزیز، ١٩٨٧: ٥٢)

ئەگەر لە نیوەی دووەمی سەدەی پێشودا >لێوی تەنك<و >برۆی پەیوەست< و ...هتد، نیشانەی قەشەنگی و جوانی بوبن، ئەوا تێڕوانینی مرۆڤی كورد لە ئەمرۆدا بۆ لێو گۆڕاوە، هەنوكە كچان خۆیان لێویان ئەستووردەكەن، برۆی پەیوەست و پرچی لوول و زوڵفی ئاڵۆز كەمتر جێگەی سەرنجن، یان هێمنی موكریانی زیندوو بێتەوە هەرگیز بەرانبەر كچانی نیشتمان نانوسێت، (بڕوانە (٢)):

٢)

كیژی خەڵكـــــی بۆمبی ئاتۆمی دروستكردو ئەتۆش

هەر دەزانی ناوی (ئەستێوڵك)و (دەرخۆنە) و (پنە)

فێری زانستو هونەر بوو ئەو لەسایـــەی خوێندنی

تۆش تەشیمان بـــــۆ دەڕێسی یادگـــــاری شیرنە (بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، (٢٠٠٣: ٧٦)).

یان نانوسێت > گۆرەویشە سەنعەتی تۆ، پێت خەنی بووم بیچنە<، چونكە كچانی ڕۆژئاوای كوردستانو و كۆبانی سەلماندیان تەنها ناوی / ئەستێلـــــــكو دەرخۆنەو پنە/ نازانن و بەرگری لە نیشتمان دەكەن، یان كچانی باشوور ئەمرۆ تەنها گۆرەوی چنین سەنعەتیان نییەو وەك پیاو یاساناسو پزیشكو ئەفسەرو وەزیرن.

ئەمانەو دەیان نموونەی دیكەی ئەدەبیاتی نوسراو هەن، بەڵام ئەم لێكۆڵینەوەیە بەكاری خۆی نازانێت زیاتر قوڵبێتەوە، ئەگەر ئەدەبی نوسراو ئاوێنەی ژیانی كۆمەڵ بێت، ئەوا ئەدەبی فۆلكلۆر زیاتر لە ئەدەبی نوسراو ئاوێنەی ژیانی كۆمەڵە، چونكە ئەدەبی نوسراو گوزارشتە لە هەستو سۆزی تاكە كەس، بەڵام ئەدەبی فۆلكلۆر تارادەیەك گشتییەو میللەت خاوەنییەتی نەك تاكە كەس، بە تایبەتی پەندو ئیدیەم كە تۆكمەتر لە



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ژانرەکانی تر پارێزراون‌و بە دەم خەڵکەوە بوون‌و بوون بە هێزی گوتنەکانیان پەنایان بۆ بردوون، لە هەموو ژانرەکانی تریش زیاتر لە پەندو ئیدیەم کۆڵراوەتەوەو کۆکراوەتەوە بڕوانە (٣).

٣) -چەند نموونەیەك لە فۆلکلۆرەوە:

ا/ خڕنگەی لەرزانەت کەمەرە شل کیۆ لەبن دێنێ          ئاخۆ خواکەی من چیت بەسەر بێنێ

ب/ شووت نەکرد بە من سمێڵم قنجە          شووت کرد بە بۆزە بە منجەمنجە (هیمداد حوسێن، ٢٠٠٧: ٢٠٦)

پ/ داخی من لە کچەکەی مەلا          پشتێن شل و مل، یەخە بەرللا (هیمداد حوسێن، ٢٠٠٧: ٢١٠)

لە (٣) ا/ دا /کەمەرە شل/ کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتووە، چونکە لەوسەردەمەدا ، بەستنی کەمەرە بەشلی بەرنگاربوونەوەی کۆمەڵبووە، شکاندنی پایەکانی شەرم‌و کلتوری خێڵ بووە، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی جیهانگیریدا جەربەزەیی لەوە گەورەتر هەیە، بەهەمان شێوە زۆرینەی کوڕان ئەمڕۆ هەر سمێڵیان نییە، نەك هەر قنج بێت، /پشتێن شل و مل/ یش هەر بەو جۆرە لێکدەدرێتەوە. ئەم دەربڕوانە بۆ ئەمڕۆ نابنە پێکەوەهاتووی باو، یان ئەگەر ببنە پێکەوەهاتووش ناچنە ناو تێکستە ئەدەبییەکانەوە، بەڵام بۆ سەردەمی خۆیان پێکەوەهاتووی وەسف‌و بەرنگاربوونەوە بوون، هەر بە بەڵگەی ئەوەی /کەمەرە شل/ بوە بە کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتوو، بەڵام /کەمەرە تونگ/ نەبووە بە کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتوو، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە، ئەدەب بە فۆلکلۆرو نوسراو یەوە بۆیەری کۆمەڵایەتی نیشاندەدات، ئەم دەربڕینە چەسپاوانەش لە لایەکەوە بەشێکن لە ئەدەبی فۆلکلۆر لە لایەکی دیکەوە دانەی زمانین و رۆژانە خەڵك بەکاریان دێنێت‌و لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و ...هتد میللەت نیشاندەدەن.

دەربڕینە چەسپاوەکان کە ئاوەزمەندیی‌و دنیا بینی لێهەڵدەهێنجێنرێن، نموونەی دەستنیشانکراوی لێکۆڵینەوەکەن، بۆیە بەپێویست دەزانرێت پێناسەی چەند دانەیەکیان بکرێت، پەند: "پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ئەو بەرهەمە کۆنانەی گەلن، کە هەموو باری ژیان‌و کۆمەڵایەتی‌و مێژوییان تێدا دەرئەکەوێ و لە ڕووداوی ژیان و کارەساتی کاتە هەرەکۆنەکاندا پەیدابوون و پەرەیان سەندووە و ئاوێنەیەکی ڕوونی کاتی جیاجیای ژیانی گەلن" (شوکریە ڕەسووڵ‌و جلال تەقی، (١٩٨٤: ٧٠)) .

لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی فۆلکلۆر، بەم جۆرە پێناسەی پەندی پێشینان دەکەن : "پەندی پێشینانمان بەشێکە لە فۆلکلۆری میللیمان کە ئەمانەن ، یان ژانرەکانی فۆلکلۆر برتیین لە : پەندی پێشنان، گۆرانی ، گاڵتەوگەپ ، نوکتە، مەتەڵ...هتد". (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (٢٠١٠: ٨٦)) "پەندی پێشینان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردیی پێکەوە نوسێنراون‌و مەعنایەکی بەرزیان هەیە" (بڕوانە: عەلی معروف شارەزووری، (١٩٨١: ٩))، (شوکریە ڕەسووڵ‌و جلال تەقی، (١٩٨٤: ١٢)) یان "بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك . ئەم پەندە هەمیشە لە لای گەلانی سەرەتایی‌و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەیە لە کاری ڕەوشت و خووەوە ، هەموو ڕاستییەك، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێك، چاك یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشتبێتی، دەربارەی هەرچییەك بێت دەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە"((عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

(٢٠١٠: ٨٦)). ئەو پێناسانە لە ڕوانگەیەکی ئەدەبییەوە کراون ، لێکۆڵەرەوەکان وەك بەشێك لە ئەدەبی فۆلکلۆر، لە پەندیان ڕوانیوە و پێناسەیان کردووە.

بەڵام لەڕووی زمانەوانییەوە پەندو ئیدیەمو میتافۆر بەشێکن لە دەربڕینە چەسپاوەکان (پەند، ئیدیەم ، میتافۆر، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتووەکان، گۆرانی فۆلکلۆری ...هتد)، کە ئەمانە قسەی ئامادەی زمانن، منداڵ لە دوای تەمەنێکی دیاریکراوەوە فێریان دەبێت بۆی لێکدەدرێنەوە، لێکدانەوەی واتاییان ئاسان نییەو پێویستییان بە وشە نامە هەیە، ژیان لە ناو کۆمەڵگەی خاوەن زماندا فێری بەکارهێنانو واتای ئەم دەربڕینانەمان دەکات، ڕادەی چەقبەستووی سینتاکسیو لێلی واتاییان جیاوازە، هەیانە چەقبەستوو لێڵە هەشیانە تارادەیەك ئازادو کەمێك لێڵە.

ئیدیەم: " ئیدیەم جۆرێکی تایبەتە لە فرێز کە پێکدێت لە کۆمەڵەوشەیەك کە واتای جیاوازی هەیە، کاتێك پێکەوە بەکاردێن، لەو واتاییەی کە ئەگەر وشەکان بەجیاجیا بەکارهاتن" (Spears, Richard A (2000:56)). (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئیدیەم و کۆمەڵەوشەو میتافۆر بڕوانە: (شیلان عومەر حسەین، ٢٠٠٩) ، (بێستوون حەسەن ئەحمەد، ٢٠١٢)، ( بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠)).

لای زۆربەی گەلان، ئەدەبیات بە ئەدەبی فۆلکلۆر دەستپێدەکات. (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (٢٠١٠: ١١))لای کوردیش " فۆلکلۆری کوردی کۆنترین بەرهەمی ئەدەبیمانەو بناغەی پتەوی گەشەپێدانی ئەدەبی ئەمڕۆمانە". (عەلادین سەجادی، (١٩٥٢: ١٢٦)).

kies - 2007 پلەپێوەرێکی لە شێوەی هێڵێکی ئاسۆیدا داناوە. دەربڕینە چەسپاوەکانی بە پێی پلەی چەسپاوییان لە سەر ئەو پلە پێوەرە ڕیزکردوون. لای چەپی پلە پێوەرەکە پێکەوەهاتنە ئازادەکانن Free/ combinations/و لای ڕاستیشی ئیدیەمەکانن /Idioms/، ناوەڕاستی پلە پێوەرەکەیش کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتووەکانن /Collocations/ (بڕوانە نەخشەی ژمارە (1)).




نەخشەی ژمارە (١)

پەندو ئیدیەمو تارادەیەك میتافۆری ئاڵۆز لە ڕووی چەقبەستوییەوە دەچنە ڕیزی دەربڕینە جێگیرو چەسپاوەکانەوە، هەرچەندە بە بڕوای لێکۆلەر ڕادەی چەقبەستووی دەربڕینە چەسپاوەکان ڕێژەییە، هەتا چەقبەستووترینو لەڕووی واتاییەوە لێڵترین ئەوا لای ڕاستی پلە پێوەرەکە دەگرن، بە پێچەوانەوە، هەتا ئازادترین لە ڕووی سنتاکسییەوە واتە بواری گۆڕانی ڕێزمانیان تیدابێت (ڕابردوو و ڕانەبردوو، تاكو کۆ ، دیارو


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نادیار...هتد) لەڕووی واتاوە شەفافو ڕوون بن، ئەوا لای چەپی پلە پێوەرەکە دەگرن. لەو نیوانەشدا کۆمەڵێك پەندوئیدیەم و میتافۆر بەپێی پلەی چەقبەستویان ڕیزدەگرن.

زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی نەتەوەو ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پێکهێنەرەکانی کولتوور، یان کولتوورو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. دابونەریتی جیاوازی گەلان، بەشێوەیەکی گشتیی کاریگەریان لەسەر زمانە جیاوازەکان بەجێهێشتووە، بەتایبەتی دەربڕینە چەسپاوەکان ، "لە هەر شوێنێك کولتوورێكو زمانێك هەڵیان کردبێت، گەلێك پێوەندی گرنگ لە نێوان لایەنە گشتییەکانی ڕێزمانو لایەنە تایبەتییەکانی ئەو کلتوورەدا هەیە (و. ڕەحیم سورخی، (٢٠٠٦: ١٠٨))".

کولتوور "لە (Culture)ەوە هاتووە کە پێشتر لای ئێمە وەکو ڕۆشنبیری لێکدراوەتەوە، بەڵام لە گەوهەردا سنوورو مەودای ئەم وشەیە یان زاراوەیە لەوە فراوانترەو سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیریو زمانو دابونەریتو ئاینو پانتایی وەعیو لاوەعیو کەشو تەقسە کۆمەڵایەتیو ئاینییەکانو فیکرو ئەدەبو هونەرو مێژوو...دەگرێتەوە (عەتا قەرەداغی، (٢٠٠٧: ٩))" .

لێرەدا بەپێویست دەزانرێت چەند نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمانو کەلتووری میللەتان بخرێتە بەردەست (بڕوانە (٤)):

-٤

ا/ کورد زمان / ئەم دەربڕینانە زۆر بەکاردێنێت: /نانو ئاو/، /نانو پیاز/، /ئاوودۆ/

ب/ عەرەب زمان / ئەم دەربڕینە زۆر بەکاردێنێت: خبزو ملح

پ/ ئینگلیز زمان/ ئەم دەربڕینە زۆر بەکاردێنێت: bread and butter

لای هەریەك لەم نەتەوە جیاوازانە ژەمی ئاسان بەپێی ژینگەی جیاواز گۆڕاوە، بۆیە هەریەکەیان جۆرە دەربڕینێك بەکاردەهێنێت، کورد زمان ئەگەر یەکێك نەناسێت ئەم دەربڕینەی بۆ بەکاردەهێنێت، > خۆ نانو دۆم لەگەڵدا نەخواردووە<، /نانو دۆ/ لای کورد ژەمێکە پارەی تێنەچووەو بەدەستهێنانی ئاسانتربووە بە بەراورد لەگەڵ ژەمە خواردنی دیکەدا. ئەمە بۆ نەتەوە جیاوازو خاوەن زمانە جیاوازەکانیش هەر ڕاستە.

**پاردووەم: ئەرکی ئاستەکانی زمان**

هیچ یەکێك لەو چەمکانەی کە پەیوەندییان بە زانستی مرۆییەوە هەیە، ناساندنو وێناکردنیان ئاسان نییە، زمانەوانی وەك چەمکێکی زانستی مرۆیی، پێناسەکردنو ناساندنی ئاسان نییەو بە یەك پێناسە بە تەواوی نا ناسێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە چەندین پێناسە لەلایەن زمانەوانانەوە خراونەتەڕوو. زمانەوانی یان زانستی زمان، لە دێر زەمانەوەو لەپێش زایینەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ کۆمەڵێك زاناو زمانەوان خۆیان پێوە خەریککردووە، لێدەکۆڵنەوەو پۆلیدەکەنو ئەرکی پۆلە جیاوازەکان دیاریدەکەن و لەسەر هەر جۆرە چەمكو ئاستو پێکهاتەیەکی قوڵدەبنەوەو پێناسەی دەکەن، هەیانە پێیوایە زمانەوانی "بەرامبەر بەو زانستە بەکارهاتووە کە لە هەموو ئاستەکانی زمان، دەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازیو زانستی زمانی دەروونیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو کارەکی دەکۆڵێتەوە" (یوسف شەریف سەعید، (٢٠١١: ٦)). جگە لەوەی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاستەکانی زمان جیاو شیدەکاتەوە، دانەی هەریەکەیێکیش دیاری دەکات، بۆ نموونە (فۆنێم) یەکەی ئاستی فۆنۆلۆژییەو بەو جۆرە (مۆرفێم) یش یەکەی ئاستی مۆرفۆلۆژیو سینتاکسە. ئاستەکانی زمانیش وەك بەرهەمی شیکردنەوەی زمان بۆچوونی جیاوازیان لە بارەوە دەربڕاوە، " هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئاستەکانی زمان و ژمارە یان رێك ناکەون" (محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ٥٥))، تەنانەت ڕای جیاواز دەربارەی سەرەکیو ناسەرەکی یان گرنگی ناگرنگی ئاستەکان هەیە. تەنانەت لە مێژووی زمانەوانیدا هەندێکجار (کێشەی فۆنەتیك و واتا بۆ زانستە نزیککەکان جێهێڵراوە) (محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ٥٥)).

لەبەر سرکی واتا، هەندێك لە قوتابخانە زمانەوانییەکان لێکۆڵنەوەی واتاییان بۆ زانستەکانی دیکەی وەك زانستی کۆمەڵایەتیو زانستی دەروونی بەجێهێشتووە، "بلۆمفێڵد تارادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەدا نەبووە کە لێکۆڵنەوە لە واتا لە چوارچێوەی زمانناسیدا بکرێت" (دارا حمید محمد (٢٠١٣: ٧٦)). دوای قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری ئەمریکی، چۆمسکی وەك دامەزرێنەری قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێنانو گواستنەوە، واتای پشتگوێ خست، لە قۆناغێکی دواتری لێکۆڵنەوەکانیدا پاش رەخنەگرتنێکی زۆر، واتای (لەرێگەی ئاستی قوڵەوە) هێنایەوە ناو لێکۆڵنەوە زمانەوانییەکان. تەنانەت هەندێك لەو زانایانەی خۆیان بە واتاوە خەریککردووە، زانای بواری دەروونناسی بوون، وەك جۆرێك لە ڕەفتار لە زمانیان ڕوانیوە.

لەبەر تێکچڕژانی ئاستەکان هەندیك لە ئاستی سینتاکسەوە بۆ فۆنۆلۆژی ، هەندیکی دیکە بە پێچەوانەوە، واتە لە فۆنۆلۆژییەو بۆ سینتاکس دەڕۆن، بۆ نموونە قوتابخانە زمانەوانییە نوێباوەکان لە ئاستی سینتاکسەوە بەرەو فۆنۆلۆژی دەڕۆن، بەڵام بە مەبەستی لێکۆڵنەوە ئەم ئاستانە لە یەکدی جیادەکرێنەوەو تەنانەت دانەی هەر ئاستێکیش دیاریکراوە، هەندێکجار ئەم ئاستانە تێکەڵدەبنو بەیەکدادەچن، کرداری مۆرفۆسینتاکس (بردمن، خواردنت ...هتد) بەرهەمی بەیەکداچوونی ئاستەکانی سینتاکسو مۆرفۆلۆژییە.

لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێك جیاوازە لە ئاستێکی دیکە، بەڵام دەگونجێو دەکرێت لێکۆڵەر لە کاتی لێکۆڵنەوە لە ئاستێکدا، بە مەبەستی شرۆڤەی زیاتر پەنا بۆ ئاستێکی دیکە بەرێت، بەڵام لەبنەڕەتدا هەرئاستەو کارو سنوورومەودای لێکۆڵنەوەی لە ئاستێکی تر جیاوازە.

بە کورتی فۆنۆلۆژیی لە دەنگ بەشێوەو جۆرەوەو مۆفۆلۆژیی لە مۆرفێم وشەو جۆرەکانیو سینتاکس لەفرێزو ڕستەو سیمانتیك لە واتاو پراگماتیك لە مەبەستە شاراوەکان دەکۆڵێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە کار لە هەڵگواستنی ئەو واتا ئاشکراو مەبەستە شاراوانەدا دەکات، کە وەك بیرو ئاوەزمەندیی مرۆڤی کورد لە دەربڕینە چەساوەکاندا هەن.

فۆنۆلۆژیی: " فۆنۆلۆژیی دەنگەکان پەسندەکات، دیارییکردنی یەکەکانی فۆنۆلۆژی وهەم چەشنی بنەڕەتییو بنچیینەیی هەم جۆرەکانی تریش (پێڕەوی فۆنێمەکانو ئەلەفۆنەکانو چەشنەکانیان)" (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٨: ٦٨). جیاکردنەوەی فۆنیمو ئەلەفۆن، دەستنیشانکردنی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان (کرتاندنیو گۆڕینو هەڵتۆقینی) دەنگو دۆزینەوەی ڕێساکانی فۆنۆلۆژیی، کە کۆنترۆڵی یەکەکانی پێڕەوەکە دەکەن لەگەڵ پەسنکردنی فۆنۆلۆژیی پێڕەکەی کاری بابەتی فۆنۆلۆژییە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مۆرفۆلۆژیی: مۆرفۆلۆژیی وەك لقێکی زانستی زمان لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوەو پەسەنیاندەکات، کەواتە کاری مۆرفۆلۆژی ڕێکخستنی وشەکانو دروستکردنیانە، مۆرفۆلۆژیی ئەرکی وشە دروستکردنە (هەڵگواستنو لەیەکدان) لە فەرهەنگداو شکاندنەوەو ریزبوونە لە سینتاکسدا" (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ٣٣)).

مۆرفۆلۆژیی لە وشە دەکۆڵێتەوە لەڕووی دروستەوە (سادە، داڕێژراو، لێکدراو)، بەڵام سیمانتیك لەواتای وشە دروستە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ((Bauer, (1983:34)"مۆرفۆلۆژیی بەزانستی لێکۆڵینەوەو لێکدانی مۆرفیمەکان پێناسە دەکات"و هاوڕایە لەگەڵ ((Ipsen,(1998-1999:44)) لە پۆلکردنی مۆڕفۆلۆژیدا، کە مۆرفۆلۆژی دەکات بە دوو بەشەوە، وشە شکانەوەو وشە دروستکردن، هەرچی وشە دروستکردنیشە بەرهەمەکەی وشەی داڕێژراو یان لێکدراوە.

پیکهاتەی مۆرفۆلۆژی وشەکان بەم شێوەیە (بڕوانە (٥):

٥) ا/ یەك مۆرفیمی/ وەك /ماڵ/، /کەو/، /ڕووبار/...هتد.

ب/مۆرفیمێکی سەربەخۆو مۆرفیمێکی بەند یان زیاتر لە مۆرفیمێکی بەند / وەك /نەخۆش/، داگرتن/ /ئاسنگەر/، /باخچە/...هتد.

پ/ دوو مۆرفیمی سەربەخوو دەکرێت بە هاوبەشی لەگەڵ مۆرفیمی بەنددا بێت، وەك /دڵسۆز/، /نانکەر/، /بەردەنوێژ/، /کولێرەبەڕۆن/، /گێلە پیاو/، /زرتەزەلام/، /گەلحۆ/...هتد. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مۆرفۆلۆژیی ئەرك و پێکهاتەی بڕوانە: (شیلان عومەر، (٢٠٠٩: ١٢٢) ، (محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٤٥))، (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ٣٤-٤٢ ))،(مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا (٢٠١٣: ١١٥)).

کورد /ڕووبار/و /ماڵ/و پیشەیەکی وەك /ئاسنگەری/ هەبووەو هەیە، بۆیە وشەی بۆ داناوەو وشەکەش تائێستاش بەکاردەهێنرێت. نموونەکانی (٧- پ) لە سادەترین لێکدانەوەدا و وشەی /بەردەنوێژ/ تێماندەگەێنێت کە کورد موسڵمان بووە و موسڵمانە بۆیە بەردە نوێژی هەیە، هەربەوشێوەیە وشەی /کولێرەبەڕۆن/ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵی کوردی بە قۆناغێکی سەختی ژیاندا تێپەریوە، چونکە وشەی /کولێرەبەڕۆن/ی هەیەو بەڵام وشەی /کولێرەبەقیمە/ی تازە دروستکردووە، وشەکانی /گێلە پیاو/، /زرتەزەلام/، /گەلحۆ/ ئاماژە بە گێلی پیاو دەدەن، لە کاتێکدا بەرانبەر ئافرەت ئەم وشانەی دی بەرچاو دەکەون /شوڕەژن/، /سەرەژن/، /شۆخوشەنگ/، لێکۆڵەر بڕوای وایە کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی پیاو سالاریە، ژن لە بۆنەکاندا بەکەمی دەرکەوتووە، بواری هاتنە مەیدانی کەمتربووە، لە بۆنەکاندا (شایی، شیوەن (پرسە)، منداڵبوون...هتد) ئەوەندە بوارەکە و کاتی بۆنەکە کەم بووە یان ڕێگرییە کۆمەڵایەتییەکان هەبوون، بوار نەبووە چەلەنگیو ئازای یان گێلی و گەوجی ئافرەت دەربکەوێت، بە پێچەوانەوە پیاو لە سایەی کۆمەڵی پیاوساڵاریدا هەموو شتێك بووە، بۆیە ئەگەر قارەمان یان گێل و بودەڵە بووبێت زیاتر و زۆرتر دەرکەوتووە، هەڵبەت ئەمە لەسەر ئاستی گشتیی کۆی کۆمەڵ قسە دەکەین، باسی حاڵەتی شازو ناوێزە ناکەین.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سینتاکس: "سینتاکس لە خستنەپاڵیەکی مۆرفیمەکان لە وشەو وشەکان لە فرێزو فرێز لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە دروستەکانیان پەسەندەکات. هەروەها ئەو بنەماو یاسایانەش دیاریدەکات، کە ڕێگە بەم خستنەتەکیەکانە دەدەن" (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ١٥)).

دروستە سینتاکسیەکان یان دەربڕوای ئازادنو واتایان ڕوونە ڕیگە بە جێگرتنەوە دەدەن، خستنەپاڵیەکی مۆرفیمو وشەکان نادارشتەینو نەرم مامەڵەدەکەن، یان دەربڕاوی توند تۆڵو چەسپاون واتایان لێلەو ڕێگە بە جێگرتنەوە نادەدەن، ئەمەش تاڕادەیەك ڕێژەییە لەئیدیەمو پەندێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە (بڕوانە (٦)).

٦) ا/ دەربڕوای ئازاد/ >ئەستێرەی گەش<، >ئەستیرەی ئاسمان<، >ئەستیرەی شەوان<...هتد، >کوڕەکە نانێکی کڕی<، >کوڕەکە نانێکی خوارد<، >کچەکە نانێکی کڕی<، >کوڕەکە ئۆتومبێلێکی کڕی<...هتد.
ب/ دەربڕاوی چەسپاو/ >ئەستێرەی سیوەیل<، ؟؟> ئەستێرەی دەرنەکەوتوو<، >شەرواڵ پیس<، ؟؟>کراس پیس< مێش میوانی نەبوو، ؟؟> هەنگ میوانی نەبوو<، >ئەم ماستە موێکی تیدایە<، ؟؟> ئەم محەلەبییە موێکی تیدایە<، >برا گەورەکەی مردووە<، ؟؟> برا بچوکەکەی مردووە<، (بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئیدیەم بڕوانە (شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩)).

لە (٦ - ب) داو لەو دەربڕینە چەسپاوانەوە دنیابینی مرۆڤی کورد تارادەیەك دەردەکەوێت، >ئەستێرەی سیوەیل< بە یەکێك دەگوترێت کەم دەرکەوێت، ئەمەش مانای وایە ئێمە کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتینو خەزمان لە هاتوچۆو سەردانە، دەربڕاوی >شەرواڵ پیس< بەکەسێك دەڵێن، بەدڕەوشت بێت، واتە پیسی پێوەندی بە شەرواڵەکەیەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە ڕەوشتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، شەرواڵ پیسی لە ئاوەزمەندیی مرۆڤی کوردا بەزاندنی سنور تاوانە(بەزوو یان ئارەزوو مەندانە) چونکە ئاین و کلتوری کۆمەڵایەتی کوردی قەدەغەیان کردووە ، بۆیە ئەم ئیدیەمەی بۆدانراوە، بەڵام لای مرۆڤێکی فەرەنسی زمان یان ئینگلیزی زمان، جێبەجێکردنی ئەم پروسەیە لە تەمەنێکی لاویەتیو ڕەبەنیدا سنوور بەزاندن نییەو مافە وەك هەموو مافەکانی دی (نانخواردن، خەوتن...هتد)، هەر بۆیە دروستەی بۆ دانەناوە. >برا گەورەکەی مردووە< بە پیاوێك دەگوترێت لە پیاوەتی کەوتبێت، واتە توانای سێکسی نەمابێت، لە دنیا بینی کوردا ئەندامی زاوزیی نێرینە هێندەی برا گەورە ئازیزو خۆشەویستە، بۆیە ئەو ئیدیەمەی بۆ داناوە. واتە نەمانی توانای سێکسی، هێندەی مردنی برا گەورە سەختە، کە پشتو پەنایەو جێگەی باوك دەگرێتەوە پاش نەمانی.

سیمانتیك: " سیمانتیك وەك لقێکی زانستی زمان خۆی بە ڕەهەندەکانی واتامەندیی پێڕەوبەندانەی دەربڕاوە زمانییەکانەوە خەریکدەکات، سێمانتیك زانستو تیوریی ڕێکخستنو یاسابەندێتیی هەندێك لایەنی دییوی واتای هێما زمانییەکانە" (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩: ٢١-٢٢).
سیمانتیك بەرپرسە لە لێکدانەوەی واتای دەربڕاوەکان، بە هەموو دروستە جیاوازەکانیانەوە (وشە، فرێز، ڕستە، دەق...هتد)، لە سیمانتیکدا واتاکان ئاسانتر دەگەنو بیرکردنەوەو تێڕامانی قوڵی ناوێت.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نموونەکانی (٥- ا، ب) پێماندەڵێن ئەمانە لە ژینگەو جوگرافیای کوردا هەن، بۆیە کورد زمان ناوی بۆ داناون، چونکە ناو بۆ شتێك دادەنرێت کە هەبێت، بەرجەستە یان واتایی بێت.

واتا لە دروستە سینتاکسیەکاندا ئەگەر دەربڕاوەکە ئازاد بوو، تارادەیەك دەکرێت واتاکەی ڕوون بێت، هەرچەندە لێڵی لە دەربڕاوە ئازادەکانیشدا هەیە (بۆ زانیاری زیاتر لە سەر لێڵی، بڕوانە: دەشتی بەهجەت محەمەد، ٢٠١٦)، بەڵام دەربڕاوە چەسپاوەکان و بەتایبەتی ئەوانەی پلەی چەسپاویان زۆرە پێویستیان بە لێکدانەوە هەیە، لەزۆر زمانیشدا وشە نامەی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە ڕێگەی ئەزموونو شارەزابوون لە کلتوری کۆمەڵایەتی زمانەکە مرۆڤ فێریان دەبێت، تەنانەت لە وەرگێڕانو وەرگرتنی زمانی یەکەم (زمان پژانی منداڵ) و فێربوونی زمانی دووەمدا کێشە دروست دەکەنو لێکتێنەگەیشتن دێتە ئاراوە، خۆ ئەگەر وەرگێڕانی پیتی (حەرفی) بۆ بکرێت، ئەوا لای کەسی فێربوو تێنەگەیشتنو لای گوێگری خاوەن زمان نوکتە دروست دەبێت، (بڕوانە (٧).

٧) پرسیاکەر: ئەم پرۆژەیە چەنی تێدەچێت

وەڵامدەرەوە: خۆی بکوژێتو خۆی ببڕێت دەفتەرێك دوو دەفتەر دەخوات.

وەرگێڕانی وەڵامەکە ئەگەر پیتی بێت:

Kill himself, cut himself, eating one copybook or two copybook.

ئەم وەرگێڕانە لای کەسی فێربوو تێنەگەیشتنو لای گوێگری خاوەن زمان نوکتەی دروست کردووە، چونکە وشەکانی /کوشتن/، /بڕین/، /دەفتەر/، /خواردن/ هیچیان بە واتای خۆیان بەکار نەهاتوونو هەموویان واتایان میتافۆرییە.

پراگماتیك: لەپراگماتیکدا قسەکەر شتێك دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە ، گوێگریش شتێك دەبیستێت و شتێکی تر لێکدەداتەوە، یان قسەکەر زۆر لەوە زیاتری مەبەستە کە دەریبڕیوە، گوێگریش زۆرلەوە زیاتر لێکدەداتەوە کە بیستویەتی، "پراگماتیك کار لەسەر لێکۆڵنەوەی واتاو پێوەندی نێوان قسەپێکەران دەکات، بە شیکردنەوەی قسەی قسە پێکەرانەوە خوی خەریکدەکات، دەیەوێت بزانێت خەڵك چی لە دەم دەردەچێتو چی مەبەستە"((Jean A, (1999:8) .

هەڵێنجانو هەڵگواستنی ئەو واتایانەی لەژێرلێوەو لە ناو دەربڕینەکاندا ناڕاستەوخۆ خۆیان حەشارداوە، کاری پراگماتیکە، پراگماتیك لەڕێی بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە هەوڵدەدات زۆربەی دەربڕاوەکان لە دەوربەری خۆیاندا لێکبداتەوە. بۆ نموونە یەکێك تۆمەتباربێت بە دزیو لەو لاوە کەسێکی دی بڵێت، >خۆ ماست نییە بە لێویەوە دیاربێت<، لە ڕووی پراگماتیکییەوە وتویەتی ئەمە دزەکەیەو بەڵام بۆ تومەتبارکردنی بەڵگەمان نییە. یان کەسێك کاری بە کەسێك بێتو بۆی نەکاتو ئەویش بڵێت، >کەڵەشێریش نەبێت ڕۆژ هەر دەبێتەوە<، ئەوا لە ڕووی پراگماتیکییەوە وتویەتی : تۆش ئەم کارەم بۆ نەکەیت یەکێکی دی بۆم دەکات، یان تۆش ئەم کارەم بۆ نەکەیت کاری من هەر یەکی ناکەوێت.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەشی دوووەم : ئاوەزمەندیی مرۆڤی کورد لە دەربڕینە چەسپاوەکاندا**

**پاری یەکەم: ئاوەزمەندیی مرۆڤ و سروشتی کۆمەڵە جیاوازەکان**

تێڕوانینی مرۆڤ لەناو یەك کۆمەڵو یەك شارو یەك گوندو گەرەکو تەنانەت یەك خێزانیشدا، بۆ هەندێك ڕووداو و کاردانەوەو هەڵوێستی پێویست وەك نییە، تەنانەت کۆمەڵناسەکان ئاماژە بەوەدەدەن جیاوازی بیرکردنەوە لە نێوان شارنشین‌و گوندنشیندا و نەوەی کۆن‌و نوێدا شتێکی بەڵگە نەویستە، ئەمە ئەگەر لەسەر ئاستی تاك ڕاست بێت، ئەوا بێگومان لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵە جیاوازەکانیش هەر ڕاستە، ژینگەو جوگرافیاو کلتوری جیاواز مرۆڤی جیاواز بە بیروڕای جیاوازەوە بەرهەمدەهێنن، کاتێك کوردێكو فەرەنسییەكو ئەمرکییەك دەربڕینەکانیان جیاوازن، لەبەر ئەوەیە کە جیاواز بیردەکەنەوە، جیهانبینییان بۆ شەرو ئاشتی‌و کوشتن‌و ژیاندۆستی تۆڵەو لێبوردن‌و دزی‌و تاڵانی‌و ڕێگری‌و وەفاو درۆو ڕاستگویی‌و ئەمانەت‌و ئەمانەتپارێزی جیاوازە، هەرچەندە لێکۆڵەر پێیوایە هاوبەشی لە ناو کلتورە جیاوازەکانیشدا هەیە، بەڵام هەست بە بوونی جیاوازیش دەکرێت، (بڕوانە (٨)).

٨)

ا) پەندێکی ئینگلیزی دەڵێت:

'You cannot make bricks without straw

(ناتوانی خشت دروست بکەی بەبی کا)

بەڵام کورد دەڵێت: > خوا کڵاوی بۆ بەڕوو دروستکردووە<.

ب)

'let bygones be bygones'

(ئەوەی ڕۆشت لەبیری کە)

'forgive and forget.

(لێیان ببورە کاتێك کێشەو ناکۆکی دروست دەبێت)

بەڵام کورد دەڵێت:

>تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە<.

> ئای بۆ ئەو خوێنەی شەوی بەسەردا دێت<.

>ئەوەی دەرزییەکی پیاکردی تۆ سوژنێکی پیاکە<.

سەرەڕای جیاوازی لێکۆڵەر پێیوایە دەبێت هاوبەشی زیاتر بێت وەك لە جیاوازی، چونکە ژیانی مرۆڤایەتی بە خۆشی‌و ناخۆشییەوە هاوبەشی تێدایە، تەنانەت ئەم هاوبەشیانە لە ئاینە ئاسمانییە جیاوازییەکانیشدا، کە تێکەڵاوی کلتوری میللەتان بوون هەن، بۆ نموونە (دزی، درۆ، بەدڕەوشتی ...هتد) هەموو ئاینە ئاسمانییەکان حەرامیانکردوون.

لە خوارەوە چەند پەندێك دەخەینەڕوو کە هاوبەشی جۆری بیرکردنەوەی میللەتە جیاوازەکان دەسەلمێنێت، بڕوانە (٩).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٩)

ا- نازانێت هەڵپەرێت ، دەڵێت عەرزەکەی خوارە ./ زمانی کوردی

A bad workman blames his tools.

(کرێکاری خراپ دەڵێت، ئامێرەکە خراپە) / زمانی ئینگلیزی

ب- ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە. / زمانی کوردی

A secret between more than two is not secret.

پارەی پاشەکەوتکراو پارەی تەنگانەیە. / زمانی ئینگلیزی

دەربارەی هاوبەشی پەندی زمانی کوردیو زمانی ئینگلیزی و بۆ زانیاری زیاتر، (بڕوانە: ئازاد هەمەوەندی، ٢٠١٣)).

لەناو یەك میللەتی خاوەن یەك کلتوری یەك زمانیشدا، دەشێت هاوبەشی جیاوازی هەبێت، بەڵام دووبارەی دەکەینەوە دەبێت هاوبەشییەکان لە جیاوازییەکان زیاتربن، بۆ دەرخستنی جیاوازییەکان (بڕوانە (١٠)).

١٠)

ا- مێش میوانی نەبوو × دڵی بوو بە کەباب

ب- ئەستێرەی سیوەیل × بەگسکیش کۆ ناکرێتەوە

پ- پارە چڵکی دەستە × پارە مەلا لە مزگەوت دەهێنێتە دەرەوە

ت- لە گوێی گادا نوستوە × چاوی مارە

بۆ دەرخستنی هاوبەشییەکانیش، بڕۆانە (١١)).

١١)

ا- پشت بەخۆ بەستنو هەڵنەگرتنی منەتی خەڵکی:

ئاو بتبات باشترە لەوەی لە پردی نامەرد بپەڕیتەوە = گۆشتی لاڕانی خۆم دەخۆمو منەتی قەساب هەڵناگرم = برسیەتی لەمنەتی هەموو کەس باشترە

ب- خێرو خۆشی بۆ خزم نەك بۆ بێگانە:

پاروو لە دەم کەوتە خوارەوە بۆ کۆشە = ئاوێك بڕوات بۆ ڕۆخانە خوێش بیخوات نەك بێگانە

پ- دەربارەی مەرام

مەرحەبای کورد بێ ئەو نییە = ئەم ماستە موێکی تێدایە = بە عەرەب مەڵێ مەرحەبا هەم دەخواتو هەم دەبا

ئەمانە نموونەی پەندن، هاوبەشی لە ئیدیەم و میتافۆریشدا بەدی دەکرێن، بڕوانە (١٢).

١٢)

ا- میتافۆر

یەك ماڵین = تەنها حەلاڵمان لەیەك جیایە

داوێن پیسیم نەکردووە = بەنەخوێنی حەرامم نەکردوەتەوە = دەستنوێژم لە هیچ ئافرەتێك نەشکاوە

دڵی ئاوی خواردەوە = کرمەکەی مرد



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ب- ئیدیەم

لە گوێی گادا نوستوە = بە هەشتییە = بە پێلاوی خۆیەوە دەچێتە بەهەشت = زەربە جەزا لە مێشكیدا لێبدە

ئەستێرەی سیوەیل = هەنارە شیرینە

دەشێت ئیدیەكەمێك‌و پەندێك یان میتافۆرێك پەندێك لە ڕووی واتاوە هاوواتا یان نزیك لە یەك بن.

پ- ئیدیەم = پەند

>لە گوێی گادا نوستوە< = >ئاگای لە محمودی بێ زەواد نییە<.

**پاری دووەم: تێڕوانین‌و هەڵوێستی مرۆڤی كورد بۆ ژیانی كۆمەڵایەتی**

كۆمەڵە جیاوازەكان لە ڕووی شوێنی نیشتەجێبوون‌و دابەشبونیانەوە بەسەر شارنشین‌و گوندنشیندا دابەشدەبن، زەمینەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی لەلای شارنشینی زۆرینە زیاترە وەك لە گوندنشینی كەمینە، چونكە شارنشین زیاتر تیشكی كرانەوەی بەردەكەوێت‌و بەرەو جیهانیبوون ئاراستەدەكرێت، جیهانگیری كە زۆرینەی پایەكانی كلتور هەڵدەوەشێنتەوە زیاتر شارەكان دەگرێتەوە وەك لە گوندەكان، ئەمەش بەحوكمی نەبوون یان كەمی ئامێری پەیوەندی‌و دووری لە دەزگاكانی چاپ‌و سەرقاڵی گوندنشین‌و كۆكردنەوەی زانكۆو دەزگا مەعریفی‌و ڕۆشنبیرییە گەورەكان لەشارەكاندا.

جگە لە جیاوازی كلتوری شارنشین‌و گوند نشین، جیاوازی لە كلتوری شارو ناوچە جیاوازەكانی كوردستاندا بەدیدەكرێت، لاوك وەك بەشێكی ئەدەبی فولكلۆر ئەوە دەسەلمێنێت، كە ئێستاش لە هەندیك ناوچەی كوردستان، ڕەدوكەوتن‌و هەڵگرتنی ژنی بە مێرد بۆشوێنی دوور و تەلاقدانی ژنی بەمێردو ناپاكی‌و ژوانی نهێنی‌و ...هتد، تاڕادەیەك ئاسایی تربن، وەك لەهەندێك شوێن‌و ناوچەی دیكە، (بڕوانە (١٣)).

(١٣)

ا- محیدین پێنج ڤیت دەڵێت:

دەبا دەست بەمە تفەنگی بەحوكمی تفەنگی جانبێزار، بە گولێكی دەسەگبابان فڕێ دەمەوە هەرسێك تەلاقە.

(نەوشیروان مستەفا ئەمین، (٢٠١٥: ٣٧)).

ب- مام ئەڵڵا دەڵێت:

جوابێكم لەبۆ بەرنەوە كوڕە حەیرانێ ئەو ڕۆ دوو ڕۆژە

گولەكی دەگولە مێردان، چوەتە كاروانی، بێ دەستە گوڵی خوی بوەشێنێ (نەوشیروان مستەفا ئەمین، (٢٠١٥: ٣٨)).

(بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەڕۆكی حەیران‌و تێگەیشتن و هەڵگواستنی واتای وتراو نەوتراوەكانی بڕوانە، (نەوشیروان مستەفا ئەمین،( ٢٥- ٥٤ : ٢٠١٥)).

هەندێك پەند وەك نوكتە دەگێڕێنەوە، كە بە ڕوخساریاندا مۆركی ناوچەیەكی دیاریكراویان پێوەیە، وەك دەوترێت > منداڵ بە مێردی نییە، بە خودایە كە دای دەیدات<.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەرئەنجامی هەموو ئەم پێوەندییە ناشەرعیو نایاساییانە (ڕەدوکەوتنو هەڵگرتنی ژنی بە مێرد بۆشوێنی دوور و تەلاقدانی ژنی بەمێردو ناپاکیو ژوانی نهێنیو ...هتد ) بە پەنادانی ژنو پیاوەکە لەلایەن دەسەڵاتدارێکەوە یان مارەکردنێکی ناچارییەوە، چارەسەرکراوە، لە کاتێکدا لە شوێنو ناوچەی تری کوردستان شەڕی گەورەی خوێناوی لەسەر ناپاکیو ژوانی نهێنی ڕوویانداوە، ئەم تێڕوانینانە بۆ پەیوەندی نێوان ژنو پیاو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (نەوشیروان مستەفا ئەمین، (٣٠- ٣٩: ٢٠١٥))).

بۆ دەرخستنی جیاوازی لە یەك جوگرافیاو کۆمەڵدا، بۆ نموونە بژێوی پەیداکردن لە کۆمەڵی کوردیدا جیاوازبووە، جافەکان زیاتر بە ئاژەڵداریو دۆزینەوەی لەوەڕگاو گەرمیانو کویستانەوە خەریکبوون، لە پەنا ئەمەشدا جارجار دەستیان بۆ دزیو ڕێگری بردووە، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەلائەددینی سەجادی، (٢٠١٠: ٦٣،٦٤)، بەڵام هەمەوەندەکان " هیچ نیشانەیەك نییە بۆ ئەوەی کشتوکاڵ یان ئاژەڵداری سەرچاوەی داهاتو ژیانیان بوبێت" (نەوشیروان مستەفا ئەمین، (٢٠١٥: ١٠٦)، بەڵام هەورامییەکان بە درێژایی مێژوو خەریکی باخداریو ئاژەڵداریو پیشەی دەستی بوون.

لێکۆڵەر دەیەوێت بڵێت، هەمەوەندێك و هەورامییەك و میراودەلییەك وەك یەك سەیری ژیانیان نەکردووە، بۆیە ئاساییە دەربڕینەکانیشیان جیاوازبن، ئیدیەمو پەند و میتافۆریان وەك یەك نەبن.

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵ بەسەر نەوەی نوێو کۆندا دابەشدەن، کە لە دێرزەمانەوە کێبەرکێو شانکێ لە نێوانیاندا هەیەو یەکتری تۆمەتباردەکەن، زەمینەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەلای نەوەی نوێ زیاترە وەك لە نەوەی کۆن، هەمیشە نەوەی نوێ نەوەی کۆن بە کۆنخواز ناودەباتو نەوەی کۆنیش نەوەی نوێ بەبێ ئەزموون دەزانێت، هەمیشە نەوەی کۆن خۆی هەڵدەکێشێتو خۆی بەنەوەی نوێ ناگۆڕێتەوە، تەنانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کە ڕەنگدانەوەی بۆیەرە کۆمەڵایەتییەکەن هەندێك وێنەو گرتە بە ناوی > جیلی ئالتونی < بڵاودەکرێنەوە، وەك ئەوەی ئەم جیلەی ئیستە مسو فافۆنو تەنەکەبن، دەربارەی کێبەرکێ نێوان نەوەی کۆنو نوێ (بڕوانە، (١٣)).

١٣) هەتا خۆم کوڕبووم بە بانانەوە بەرتیلیان دەداو دەپاڕانەوە.

لێرە بە دواوە کاردانەوەو جیهانبینیو هەڵوێستی پێویستی مرۆڤی کورد، بەرانبەر بە هەندێك لە ڕووداو جۆربەجۆرەکانی ژیانو کلتوری کۆمەڵایەتی نیشادەدرێنو نموونەی بەرچاویش دەخرینەڕوو:

یەکەم: تێڕوانینی کورد بۆ میوانداری: کورد میوان دۆستێکی باش بووە، زۆربەی کات ئەگەر پارووە نانێکی هەبووبێت ئامادەبووە لەگەڵ میوانەکەیدا بەشی بکات، هەڵبەت ئەمەش لە شوێنیك بۆ شوێنێکی دی جیاوازی هەبووە، (بڕوانە (١٤)).

١٤ ) ا- >ماڵ بە میوانەوە خۆشە<.

ب- >نانت جۆین بێت، خولکت گەنمین بێت<.

دووەم: تێڕوانینی کورد بۆ ئازایەتیو جوامێری: کورد لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی خێڵەکی بووە، کێشەی کۆمەڵایەتی زۆربووە، ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانەش یان ڕیشسپی و خەڵکی چاکەکار کەوتونەتە نێوانەوە، یان


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هێز و جوامێری و ئازایەتی کێشەکانی یەکلاکردونەتەوە، لە بەر ئەمە ئازایەتی و چاونەترسی لە کومەڵی خێڵەکیدا ڕۆڵو بایەخی خۆی هەبووەو هەیە، بۆیە کورد دەڵێت: (بڕوانە (١٥)).

١٥) >ئازا جارێك دەمرێت ترسنۆك سەد جار دەمرێت<.     (شێخ محمدی خاڵ، ١٥)

سێیەم: تۆڵەسەندنەوە: مرۆڤی کورد بە حوکمی ژینگە خێڵەکیەکەیو نەبوونی یاساو پێڕەوکردنی لۆجیکی هێز، خۆی تۆڵەی خۆی سەندووە، دادگا هەرنەبووە، تاوەکو پەنای بۆ بەرێت، بێغیرەتی بووە، واز لە مافی خۆی بهێنێت، پیاوەتی و شەهامەتو جوامێری لە تۆڵەدا بووەو کۆمەڵیش دەستخۆشی لێکردووە، (بڕوانە (١٦)).

١٦) ا- >تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە<.

ب- > ئای بۆ ئەو خوێنەی شەوی بەسەردا دێت<.

پ- >ئەوەی دەرزییەکی پیاکردی تۆ سوژنێکی پیاکە<.

چوارەم: بێئاگایی و بیعەقڵی: مرۆڤی بیئاگاو بیعەقل لە کۆمەڵی خێڵەکیدا مرۆڤیکی پەسەند نییە. تەنانەت مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵیدا لە سنورێکی دیاریکرودایەو بە ئاسانی متمانەی پێناکرێتو ژنی نادرێتێ ...هتد، (بڕوانە (١٧)).

١٧) ا- >ئاگای لە محمودی بێ زەواد نییە<. (شێخ محمدی خاڵ، ١٨)

ب- >ئاگای لە مام شەهاب نییە<.

پێنجەم: تێڕوانین بۆ کارو پیشە، لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا هەر پیشەیەك ئازایەتی و جوامێریو جەربەزەیەی گیانبازی تێدا بووبێت، پەسەند بووە، بەڵام هەر پیشەیەك سەلامەتیو بێوەی بووبێت، پەسەند نەبووە، تەنانەت جۆرێك لە پیشەکان بە خوێڕیەتی و بیغیرەتی و حیزیی لەقەڵەم دراون، کورد ئیدیەمی /حیزیو بێوەیی/ هەیە. پیشەی دزیو ڕێگریو تاڵانی یەکێکە لەپیشە پەسەندەکان لای مرۆڤی خێڵەکی، چونکە جوامێری تیدایە، بەڵام پیشەیەکی وەك جوتیاریو باخداریو ڕاوە ماسی پەسەند نەبوون، تەنانەت ڕاوەماسی بە تۆڕ پیشەی پیاوی ترسنۆك و بودەڵە بووە، بەڵام ڕاوەماسی بە ڕم پەسەندو کارێکی پیاوانەبووە، پیشەگەری بە هەموو جۆرەکانییەوە پەسەند نەبووە، کشتوکاڵو بازرگانی دیاردەی کۆمەڵی پێشکەوتوون، ڕێگری و هەڵکوتانە سەر خەڵکی جگە لەوەی پەسەند بووە، لە ڕاستیدا ئەوەندەی نیشاندانی جوامێریو غیرەتو پیاوەتی بووە، ئەوەندە دەستکورتی هەژاری نەبووە، چونکە پیاوی خێڵ دوای ئەوەی لە تاڵانی هاتووەتەوە، دەستکەوتەکانی بەخشیوەو زۆریش دەستبلاوبوون، دەستبلاویش یەکێك بووە لە جوامێرییەکانیان.

ئیستەش لەلای مرۆڤی کورد هەندێك پیشە پەسەند نییە، بۆ نموونە پۆلیسی کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا، یەکێکە لەو پیشانەی مرۆڤ بە ئاسانی دەستیناکەوێتو دەبێت چەندین کۆرسی وەك یاسایی و بەڕێوەبردنو ئامارو...هتد بخونێت، ئینجا پەسەند دەکرێت، کەچی لای مرۆڤی کورد بە جۆرێك لە /گەوادی/ چوێنراوە، کە ئەمەش پێوەندی بە بارودوخی سیاسییەوە هەبووە، چونکە پۆلیس پیاوی ڕژیمە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

یەك لەدوایەكەكان بووە، یان موچەكەی كەم بووە، یان زۆرجار پۆلیس بۆ كاری تایبەتی بەرپرسان بەكارهێنراوە، (بڕوانە (١٨)).

١٨) خودا بیبڕی نانی پۆلیسی       بەڕۆژ گەوادیو بەشەو حەرەسی

**پاری سێیەم: تێڕوانینی كۆمەڵی كوردی بۆ ژن**

كۆمەڵی كوردی وەك كۆمەڵێكی خێڵەكی سەیری كچو ژن دەكات، هەر لەسەرەتاوە ئەگەر ژنێكی دووگیان منداڵەكەی كوڕبێت، زیاترو زۆرتر جێگەی بایەخی مێردو ماڵە خەزورانو تەنانەت ماڵە باوكی خۆشیەتی، دایكو باوكی كچ دەزانن ئەگەر كچەكەیان كوڕی نەبێت دووچاری تانەو تەشەرو ژنبەسەرداهێنانو هەندێكجارو لە هەندێك بارۆخدا تەڵاقدان دەبێتەوە، بۆیە ئەم میتافۆرە لەسەر زاری ژنان بۆ ژنی تازە شوكردووە باو بڵاوە، (بڕوانە (١٩)).

١٩) >یارەبی / یاخوا قەت كچت پیا نەیێت<.

ئیتر بێئاگا لەو ڕاستییە زانستییەی كە دیاریكردنی توخم لای پیاوەو پەیوەندی بە ژنەوە نییە.

دوای لە دایكبوونی منداڵ ئەگەر كوڕ بێت، ئەوا نازێكی زیاد لە پێویستی پێدەدرێت، بە تایبەتی منداڵی كوڕی دوای كچ، خۆ ئەگەر كچیش بێت، ئەوا نازو خزمەتەكەی وەك كوڕنییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كوڕ هەڵگری نازناوی باوانەو وەچە دەگوێزێتەوە، بەڵام كچ خاوەنی ئەم خەسڵەتە نییە، تەنانەت ئەگەر باوكێك كوڕی نەبێت ئەم میتافۆرەی بۆ بەكاردەهێنرێت، (بڕوانە (٢٠)).

٢٠) /ئەوجاخ كوێر/

واتە ئەوجاخ /كوڕ/ ڕۆشنی دەكاتەوە نەك /كچ/ ، لەكاتێكدا و لە بنەڕەتدا میتافۆری /ئەوجاخ كوێر/ بۆ پیاوێك بەكاردێت كە منداڵی نەبێت، هەڵبەت ئەم بیركردنەوەو بڕیارەش كۆمەڵ داویەتی و سەپاندویەتی.

ئەگەر منداڵێكی كچ ئەندامی زاوزێی دەركەوتبێت، ئەوا هەرای گەورەی ناوەتەوە بەڵام بۆ كوڕ ئەم ئیدیەمە بەكارهاتووەو بگرە هەندێك جاریش جێگەی شانازی بووە، (بڕوانە (٢١)).

٢١) >ماڵی بێعەیبە<.

لە لایەكی ترەوە پێشڕەوی هەر بۆ كوڕە لەو پاڕانەوەو دوعا خێرانەی كە ژنان بۆ یەكتری دەكەن، كوڕ سەرمەشقو كچ پەراوێزە، (بڕوانە (٢٢)).

٢٢) >بە دایكی كوڕان بێت<، >كوڕت نەمرێت<، ...هتد.

كچ لە كۆمەڵی خێڵەكیدا و لەگەڵ گەورەبونیدا وەزیفەی سەرشانی قورس دەبێت، سەیركردنو چاوبڕكێو قسەكردنو پێكەنینو دانیشتنو هەستان نوشتانەوەو هەستانەوە ...هتد ئەمانەو چەندانی دی بەهەند وەردەگیرێنو مۆركی چاكو خراپین، وەزیفەیەكی تری كچ یان ژن لە كۆمەڵی خێڵەكیدا هەڵگری سیمای شەرەفی خێزانو بنەماڵەو عەشیرەتە، واتە عەشیرەتێك بە دۆڕاندنی ماچی كچێكیان بێ ئابڕوو دەبنو سزاكەشی قورسە، هەربۆیە ئەم ئیدیومەیان بۆ بەكار هێناوە، (بڕوانە (٢٣)).

٢٣) /بەرمیلە باروت/



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

ئەگەر کچ کارێکی هەڵەی کردبێت، زۆر قورس لەسەری کەوتووەو بنەماڵەو خزموخوێش‌و کەسوکارو عەشیرەتی لەکەدارکردووە، کڵاوی حـــــەوت برای لار کردووە، عەشیرەتی سەر شۆڕ کردووە، کێشەکە لەوەدایە کورد پیاوەتی و مەردایەتی عەشیرەتێکی بە لێوی کچێکەوە گرێداوە، (بڕوانە (٢٣)).

٢٣) کچە کوردەکەی ماڵ لە نیو هەوار

ماچێکم بەری گاکەت بۆ بـــکەم بار

نە گا بمێنێت نـــــــە خاوەنی بار

کڵاوی حـــــەوت برا بۆ تۆ ناکەم لار

کوڕ بەراورد لەگەڵ کچا ئازاد تر بووە، بێڕەوشتی کوڕ هەرگیز نەبووەتە مایەی سەرشۆڕی خێزان‌و بنەماڵەو عەشیرەت، هەمیشە کچ وەك کار لەسەرکراو /بەرکار/ و کوڕیش وەك کارکەر /بکەر/ سەیرکراوە، بێگا لەوەی تێرکردنی غەریزە لای نێرو مێ وەك یەکە.

کورد خاوەنی وشەی /پیاوەتی/ یە، کە ناوێکی واتایی داڕێژراوی پۆزەتیڤییە، لە ناوی بەرجەستەی /پیاو/ ، کە خاوەنی نیشانەی واتایی [+ مرۆڤ، + پێگەیشتوو، + نێر] ە، پاشگری / - ایەتی/ پێکهاتووە، کەچی خاوەنی ئاوەڵناوی ؟؟/ژنیەتی/ نییە، خاوەنی ناوی واتایی /کوڕێنی/ یە وەك ئاماژەیەك بۆ ڕابواردن‌و وەلانانی کێشەو خەمەکان، کەچی خاوەنی وشەی /کچێنی/ نییە. کورد ئەگەر بیەوێت نیگەتیڤانە باسی پیاویك بکات، وشەی /ژنانی/و /کچانی/و /سەرەژنانی/...هتد بەکاردەهێنێت.

ئەم بیرکردنەوەیە پەیوەندی بە ئاین‌و کلتورو تێگەیشتنی ئاینییەوە نییە، ئەو برایەی خوشکەکەی لەسەر بێڕەوشتی دەکوژێت، زۆر ئاساییە خۆی دەیان بێڕەوشتی بکات، لەکاتێکدا بە پێی بنەماکانی ئاین هەردووکیان هەر تاوانن، تەنانەت بێڕەوشتی ئافرەت لە کۆمەڵی خێڵەکیدا چەند قورسە، دەنگدانەوەو بڵاوبونەوەی لەوە قورسترە. بۆیە ئەم میتافۆرانەیان بەکارهێناوە، (بڕوانە (٢٤)).

٢٤) >ئافرەت /ژن وەك شوشە وایە<، >شوشە بشکێت نەك بزرێت<.

کچی/ ئافرەتی کورد ئەگەر گەشتە تەمەنێك لە سەرو تەمەنی ئاسایی شوکردن، وشەی /قەیرە/ بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەبەرانبەردا بۆ کوڕێك کە لە وادەی خویدا ژن نەهێنێت فرێزی >بوخچەی نەکراوە< ی بۆ بەکار دەهێنرێت، بەبۆچوونی لێکۆڵەر، وشەی /قەیرە/ یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی [- ڕێزە]، بەڵام فرێزی >بوخچەی نەکراوە< یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی [+ ڕێزە]، کەواتە کۆمەڵی کوردەواری لەم بابەتەدا و وەك هەموو بابەتو نموونەکانی تر سیستەمی پیاو سالاری پێڕەوکردووە. لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە کلتوور یارمەتیدەرو جێخۆشکەربووە بۆ دروستبوونی ئەم پێکەوەهاتووە.

لێکۆڵەر بڕوای بەوە هەیە، کە دەبێت مرۆڤ لەسەر شتانێك لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، کە خۆی دەستی تیایاندا هەبێت، ناکرێتو نابێت لەسەر شتێك کە لە دەرەوەی ئیرادەو ویستو ئارەزووی مرۆڤدایە تاوانبار بکرێت، کەسێك بە مێینە دروستکراوە! تاوانەکەی لە کوێدایە؟ کچێك برای نییە چی بکات؟ بۆیە دەبێت مرۆڤ لەسەر شت گەلێك لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، کە دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێتەوە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کچ لە کۆمەڵی خێڵەکیدا، مایەی شەرمەزار بووە، زیندەبەچاڵ کراوە، مێردی کچ /زاوا/ وەك تەعداکەر سەیرکراوە، لە کاتێکدا زاوا پارێزەری شەرفی ماڵە خەزوران بووە، خۆیان گوتەنی بەرمیلە باروتی لە کۆڵ کردونەتەوە، باوكو دایك کچیان لەگەڵ خۆیان نەگەڕاندوە، بەڵام کوڕ جێگەی فەخرو شانازی هەموو لایەك بوە (بڕوانە (٢٥)).

٢٥) لەگەڵ کچم بۆکوێ بچم

لەگەڵ کوڕم کێو دەبڕم

کچ لە ئاوەزمەندیی مرۆڤی کوردا هەتا شەرمنتر تر باشترو چاکترە، بەڵام کوڕ نابێت شەرم بکاتو دەبێت بە دەنگی بەرز داوای مافەکانی خۆی بکات، پەند هەیە جەخت لەم بیرە دەکاتەوە (بڕوانە (٢٦)).

٢٦) کچی شەرمـــــــن شارێك دێنێ

کوڕی شەرمن شانەیەك ناهێنێ

لێکۆڵەر پێیوایە ئەوە کۆمەڵە، ڕۆڵ بە کاراکتەرەکانی دەبەخشێت، کۆمەڵە هانی کچان بۆ شەرمنی بداتو پێیان بڵێت /زەعیفە/و ڕۆڵی منداڵ بەخێوکردنیان بداتێ، دەبێت هەر چاوەڕی ئەم ڕۆڵانەیان لێبکات، لە سەر ڕۆڵی ژن بڕوانە لە (٢٧)دا چەند پەند پێکەوە هاتووێك دەخرێنەڕوو.

٢٧) ا- /ژنو ماڵ/، /ژنوماڵومناڵ/...هتد / کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتوو

ب- >ژنو ماڵیان وتووە<، >ژنیان ژن وتوەو پیاویشیان پیاووتووە< ...هتد /پەند

پ- >لەقەی ماین ئێشی نییە<، >سەگیش بە ژن ناوەڕێت<. ...هتد /پەند

ئەوە کۆمەڵە گریان دەداتە پاڵ ژنو بەخێوکردنی مناڵ دەداتە پاڵ پیاو (بڕوانە (٢٨)).

٢٨) ا- >عەیبە پیاو بگری< ، >وەك ژن دەگری<، > وەك ژن دەپاڕیەوە< واتە ژن بگری بپاڕێتەوە ئاساییەو گریان و پاڕانەوە ئیشی ژنانە.

ب- >وەك پیاو منداڵەکانی بە خێوکرد<

هەموو ئەم تێڕوانینو بۆچوونانە لە بویەرێکی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن، کە هەڵگری چەمکە گشتگیرەکانی کۆمەڵی خێڵەکییە، لەم جۆرە کۆمەڵانەدا، ژن ناسك و بێهێزو نیشانەی شەرەفە، پارێزگاری کردن لێی ئەرکەو ئەرکی نێرینە، بەڵام پیاو خاوەن هێزو جوامیری دەسەڵاتە، هەربۆیە مرۆڤی خێڵەکی پێخۆشبووە لە شەردا موڵكو سامانی تیاچێت، نەك مێینەکانیان بگیرێنو بکرێنە کەنیزەك، پێویستی قۆناغەکانی ژیان بونەتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەم دەربڕینانە، گوندنشینێك پێویستی بە کوڕ بووە بۆ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکەی، کاری جوتیاریو دار بڕینو ...هتد، ئەم کارانە هەر بەنێرینەو پیاو کراوە، باوکێك خاوەنی کۆمەڵێك کوڕ بوبێت، قسەی ڕەت نەکراوەتەوە، کچی خاوەن برا کەس نەیوێراوە سەیریکات، بەڵام کچی بێبرا وەها نەبووە (بڕوانە (٢٨)).

٢٨) >داری بێبەر سوودی نییە< ، >کچی بێبرا قیمەتی نییە<.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەمانەو دەیانی هۆی دیکە ئەم جیهانبینییەیان دروستکردووە، بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخ گۆڕاوە، جیهانگەری ئەرکەکانی گۆڕیوە، تەنها نێرینە نییە دەتوانێت پارە پەیدابکات، هێزو بازو ئەو بایەخەی نەماوە، عەلی وەردی وتەنی: لە شەنسی پیاوان ئەمڕۆ جەنجەرو شمشێرەکان، لە مۆزەخانەکاندا هەڵدەگیرێن، یان ئەو کەسەی دەمانچەی دروستکرد، گوتی: ئیتر جیاوازی لاوازو بەهێز نەما (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیماو نیشانەکانی کۆمەڵی خێلەکی بڕوانە: (عەلی وەردی، (٢٠٠٥: ٥٥-٢٢٠)) ، (محەمەد فەریق حەسەن، (٢٠٠٨)).

## ئەنجام

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەیەدا ئەم ئەنجامانە دەخرینە بەرچاو :

١- دەربڕینە چەسپاوەکان دروستەی لەبار گونجاون بۆ هەڵگواستنی ئاوەزمەندیی نەتەوە جۆربەجۆرەکان. چونکە ئاوەزی مرۆڤ لە زماندایە لە ڕێگەی دەربڕینەکانەوە دەردەبڕێت.

٢- ئەو ئاستەی زمان کە بەرپرسە لە هەڵهێنجانی ئاوەزمەندیی و تێڕوانین، سیمانتیکە، لە دەوربەری دیاریکراوی خۆیدا پراگماتیکیش ڕۆڵی دەرخستنی بیرو مەبەستە شاراوەکان دەبینێت.

٣- کورد وەك نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئاسیا جیهانی ئیسلامی، هەژموونی بیری کۆمەڵی خێلەکی بەسەردا زاڵە، ئەگەر پێشکەوتنێکیش هەبێت، ئەوا لەسایەی جیهانگیریو کرانەوەوەیەو زیاتر ڕوکەشە.

٤- تێڕوانینو مامەڵەی مرۆڤی کورد لەگەڵ ژندا، مامەڵەیەکی دروست نییە، ژن لە کۆمەڵی کوردیدا ڕەنجدەرەو زۆریش زیاد لە پێویست ئەرك و بەرپرسیارییەتی خراوەتە ئەستۆ.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**أ/ کتێب**


١- ئازاد هەمەوەندی، پەندی ئینگلیزیو کوردی، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١٣.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٣- ئومێد ئاشنا، بارانی سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

٤- بێستوون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥- بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، بارگەی یاران (سەرجەمی شیعری هێمن)، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٣.

٦- پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، واتاو وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.

٧- دارا حەمید محەمەد، واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیكو پراگماتیكی كوردی، چاپەمەنی ژیر، ٢٠١٠.

٨- ..........................، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٣.

٩- شیلان عومەر حسەین، ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٠- شوکریە ڕەسوڵ، وەرزو ساڵنامەی میللی لە پەندو شیعری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

١١- ..................، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤.

١٢- ..................، و جلال تەقی، پەندی پێشینانو قسەی نەستەقی کوردی، چاپخانەی الادیب، هەولێر، ١٩٨٤.

١٣- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان ، ٢٠٠٧.

١٤- عبدالواحید مشیر دزەیی، واتاسازی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکیو پراگماتیکییە، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٥- ......................، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

١٦- ......................، زانستی پراگماتیك، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠١١.

١٧- عەبدوڵڵا عەزیز خالد، دیوانی شیعر – محەمەد صالح دیلان، لە چاپکراوەکانی ئەمینداری ڕۆشنبیری لاوان، ١٩٨٧.

١٨- عەلی معروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کورد، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨١.

١٩- عەلائەدین سەجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، ١٩٥٢ .

٢٠- .........................، ڕشتەی مرواری، بەرگی ١-٨، ٢٠١٠.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢١- عەتا قەرەداغی، کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٢- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم، ٢٠١٠.

٢٣- عەلی وەردی، و.بەرزان ئەحمەد، لێکۆڵینەوەیەك لە سەر سروشتی کۆمەڵگای عێراق، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٥.

٢٤- محەمەدی مەحویی، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم -أ- و دووەم –ب - ، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی، ٢٠٠٩.

٢٥- ...................، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك - وابەستە، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی، ٢٠٠٦.

٢٦- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

٢٧- ........................، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ٢٠١٠

٢٨- محەمەد فەریق حەسەن، مێنتەلێتیی خێڵ، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨ .

٢٩- نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین،کتێبی یەکەم، بەرگی دووەم، الدار اللعەربیە – ناشرون، ٢٠١٥.

٣٠- هیمداد حوسێن، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣١- و. ڕەحیم سورخی، زمان هزرو کولتوور، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.

٣٢- یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

ب/ نامەی بڵاونەکراوە

١- بەکر عومەر عەلی، میتافۆر لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٠.

٢- دەشتی بەهجەت محەمەد، لێڵی لە گوتاری سیاسی کوردیدا، زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠١٦.

پ/ گۆڤار

١- مەهاباد کامیل عەبدوڵلا، وشەی لێکدراو لە زاری هەورامیدا، زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٠)، ٢٠١٣.

دووەم: بە زمانی ئینگلیزی :

1. 1- Ipsen G. (1998-1999), The Interactive Multimedia Linguistics for Beginners.
2. Bauer, L. (1983) English Word- Formation. Cambridge. Cambridge University press.
3. Jean A. (1999), Teach yourself Linguistics, NTC Publishing group.
4. Kies Daniel, Idioms and Collocation. Available at



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

http//www. papyr.com/ hypertextbooks/ grammar/style.htm.
5- Spears, Richard A. (2000) NTC' S American Idioms Dictionary. USA: The McGraw-Hill Companies.

**المستخلص**

عنوان هژا البحپ (عقليه الانسان الكوردى من خلال التعابير الپابته– النڤره الى المرأه انموژجا)، امّا المنهج الژى سلكه الباحپ فى انجازه للدراسه فهو المنهج الوصفى التحليلى.

يتكون البحپ من قسمين ، اولهما يتچمن مبحپين . يتناول المبحپ الاول موچوعه اللغه كاداه لتبادل الافكار وكيف يمكن فهم قوم ما عن گريق اللغه والادب والفلكلور المدوّن لژلك القوم. اما المبحپ الپانى فيوچح مهمه مستويات اللغه اژ يقوم بالتعريف بوڤيفه كل مستوى من اللغه من حيپ البيان والتفسير، وكما يقدم قراوه لمدلولات التعابير الپابته ويسعى لمعرفه مستويات التعابير الپابته.

امّا القسم الپانى من هژه الدراسه فيحتوى على پلاپه مباحپ. خصّص الاول منها لقراوه (العقليه) بشكل عام بينما المبحپ فيتناول عقليه الانسان الكوردى اژ يتم تحليل وجهه نڤره ومواقفه . اما المبحپ الپالپ فيبيّن بالتفصيل مفهوم الانپى والنڤره الى المرأه لدى الانسان الكوردى. ولقد تم عرچ امپله لمختلف التراكيب ابتداو من الالفاڤ المركبه والعبارات الى الامپال المكونه من فقرتين. وكما تم عرچ كل مايتعلق بالتعابير التى تاتى بصيغ مپل او مصگلح او عباره مجازيه او متلازمه لفڤيه. فى ختام هژه الدراسه تم ادراج قائمه بالمراجع التى استند اليها الباحپ، بالاچافه الى ادراج خلاصه باللغتين العربيه والانكليزيه.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**Abstract**

The present paper is titled "Intellectuality of the Kurdish Person through ***fixed expressions***- the view about woman as an example". The method used in this research is analytical description.

This study is composed of two parts. Part One is of sections: the first deals with language as a means of exchanging ideas, and how a community can be understood through their language, literature, as well as their recorded folklore; the second explains the function of each level of language and identifies these functions in terms of expression and comprehension. In addition, the second section presents a reading for meanings of fixed expressions and attempts to find out the levels of such expressions.

As for Part Two, it is made of three sections. The first section is devoted to reading "intellectuality" in general whereas the second section focuses on the "intellectuality" of the Kurdish person and analyzes his/her view and attitude. The third section shows, in detail, the concept of feminism and how the Kurdish person views woman. Examples related to fixed expressions of different structures have been presented starting from compound words to phrases to two-line proverbs. Additionally, everything related to fixed expressions that may come in the form of idioms, metaphors or collocations has been tackled. The paper closes with a list of references and an abstract in both English and Arabic languages.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)